# ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان

یاری زانی دێرینی ئەم جارەمان یەکێکە لە یاری زانە هێرش بەرەکانی سالآنی دوای 1975 کە بە تەواوەتی لە ناو یاریگای سولەیمانیدا دەرکەوت وەك یاری زانێکی بەتوانا.

ئەنوەر * ناو و ناز ناوت چییە وکەی لە دایك بووت؟
وەلآم. . . بورهان حسێن کە ناسراوم بە (بورهانی حسێنە فەندی) ساڵی 1956 لە شاری سولەیمانی گەڕەکی شێخان چاوم بە دونیا هەڵهێناوە.

ئەنوەر * کەی دەستت بەوەرزش کردووە و لەکام تیپەوە دەستت پێکردووە؟
وەلآم. . . سەرەتای دەستپێکردنم دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی 1967 یەکەم تیپی میلی کە یاریم تێدا ئەنجام داوە تیپی وەرزشی دیمەن بووە، پاشان چۆمەتە تیپی لاوانی ئاری تا ساڵی 1972 پاشان گەڕاومەتەوە بۆ تیپی دیمەن، بە هۆی هەوڵدانم و پێشکەوتنمەوە توانم ببم بە یەکێك لە ئەندام و یاری زانی یانەی سیروان تاوەکو ئەوکاتەی یانەکە داخرا. پاشان چومە یانەی سولەیمانی لە ساڵی 1975 دا.

ئەنوەر * لە چی ساڵێکدا هەڵیان بژاردیت بۆ هەڵبژاردەی سولەیمانی؟
وەلآم. . . لە دوای ساڵی 1975 بەدواوە منیان هەڵبژاردبۆهەڵبژاردەی سولەیمانی لە هەمان کاتدا یاری زانی یانەی سەلەیمانیش بووم.

ئەنوەر * تاساڵی چەند بەردەوام بووت لە یاری کردن؟
وەلآم. . . تا ساڵی 1981 بەردەوام بووم لە یاری کردن.

ئەنوەر * کام ڕاهێنەر مەشقی پێداویت؟
وەلآم. . . زۆر ڕاهێنەری باشم دیوە کەوا مەشقیان پێکردووم هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی یاریکردنمەوە تاوەکو وازم لە وەرزش هێناوە، وەك بەڕێزان خوالێخۆش بوو قادر عەلی عوسمان مامۆستا قادر ڕەش ئەم بەڕێزانە وەك ڕاهێنەری تیپی میلی وەك یانەش مامۆستا ئیبراهیم قاسم وحەمەسەعید و عوسمان شێخ مەحەمەد ئەم بەڕێزانە وەك ڕاهێنەری یانە مەشقیان پێکردووم وەك هەڵبژاردەی سولەیمانی بەڕێزان
مامۆستا ئیبراهیم قاسم و فائق سوور و ڕاهێنەری خوالێخۆش بووکاك فەهمی فەقێ ڕەشید.
لە هەمان کاتدا هەڵبژاردەی پەروەردەی سولەیمانی بووم بۆ ماوەی 3 ساڵ.
ئەنوەر * کام یاری زانت بە دڵ بووە لە شارەکانی کوردستاندا؟
وەلآم. . . لە شاری سولەیمانی ئەم بەڕێزانە عەلی مەعسوم، حەمە بچکۆل، تایەر لەتیف، بورهان موحەمەد ئەمین و زۆر یاری زانی تریش. لە کەرکوك بەڕێزان عەونی کوردی و سامی
لە هەولێز ئەم بەڕێزانە نەجات و عەونی و ئەسعەد کانەبی و موحەمەد عوسمان.

ئەنوەر *چۆن تەماشای وەرزشتکردووە لە کاتی خۆیدا یان بۆچی وەرزشتکردووە؟

وەڵام. . . من بەدڵێکی ساف و برایانە وەرزشم کردووە هیچ کاتێك بیرم نەکردۆتەوە کەوا وەرزش بکەم و خەڵاتم بدەنێ من وەرزشم بۆ خۆشی کردووە بەڵام لە هەمان کادا هەوڵیشم زۆر داوە کەو پێش بکەوم
وەرزش بۆ من بریتی نە بووە لە ڕاکردن و گۆڵ کردن، بەڵکو ڕێزگرتن لە ئەندامانی تیپ و ڕاهێنەر و یاری زانای بەرامبەرم بووە، لەو کاتانەی کە یاریمان دۆڕاندوە دوای یاریەکە دەستم خستۆتە ملی زۆربەی یاری زانانی تیپی براوە.

ئەنوەر * دوا ووشەت چییە بۆ وەرزش و وەرزشکاران؟
وەڵام. . . ئەوەی بە فکرم هاتەوە لە کاتی خۆیدا کارگەی جگەرەی سولەیمانی تیپێکی باشیان دروست کرد بە سەر پەرشتی خوالێخۆش بوو کاك فەهمی فەقێ ڕەشید کەوا مانگانە پارەی بۆ بڕیبووینەوە وەك
کارمەندێکی کارگەکە کەوا ئێمە لەوکاتەدا قوتابی بووین، ئاواتی من پێشکەوتنی وەرزشە لە کوردستاندا ئەنوەر * لە کۆتایدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەم گفتوگۆی تەلەفونیە، هیوای سەرکەوتن ولەش ساغیت بۆ دەخوازین.

ئەنوەر خەراجیانی
یاری زانی هەڵبژاردەی پێشووی سولەیمانی / پەیام نێری کوردستان نێت

لای ڕاست فاتیحی گۆڵچی بورهان حسێن





لای ڕاست لەسەرەوە/ فەهمی فەقێ ڕەشید / بورهان حسێن / سەباح / حەسوون / ئەنوەر خەراجیانی فاتح گۆڵچی / ئیبراهیم قاسم
دانیشتووەکان لای ڕاستەوە. ئازاد وەهاب / فازیلی حاجی / زەیدان / حەمە بچکۆل / ئومێد حەمە فەرەج بەهادین ئەحمەد کەلان

ئەم یاریە لەساڵی 1979 /12 / 29 لە یاریگای سولەیمانی کە یاریمان هەبوو لەگەڵ هەڵبژاردەی دهۆك